https://www.doi.org/10.31918/twejer.2032.7

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# تایبەتمەندییەکانی کۆچبەرانی کوردستان و هۆکارەکانی کۆچکردنیان

## کۆچی گەنجانی هەرێم بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە دوای شەڕی داعش

د. موراد حکیم

زانکۆی سەلاحەدین- بەشی کۆمەڵناسی

murad.mzori@su.edu.krd

**پوختە:**

لە دوو ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥دا هەرێمی کوردستان شەپۆلێکی گەورەی کۆچی بەخۆوە بینی، ئەویش کۆچی گەنجان بوو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا. دەشێ ئەم شەپۆلە ببەستینەوە بە سەرهەڵدانی سێ قەیرانی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان لەو دوو ساڵەدا. قەیرانی ئابووری کە لە دەسپێکی ساڵی ٢٠١٤ و بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەستیپێکرد و بە دابەزینی نرخی جیهانیی نەوت توندیی زۆرتری بەخۆیەوە بینی، قەیرانی شەڕی داعش کە بە هاتنی ئاوارەیەکی زۆر لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ دەستیپێکرد و دواتریش بە هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان زیاتر توند بوو، سێیەم قەیرانیش قەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە لە ناوەڕاستی ٢٠١٥ و لە ئەنجامی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، وڵاتی دووچاری ناسەقامگیرییەکی گەورە کردەوە. لەم توێژینەوەیەدا بە دوای هۆکارەکانی کۆچدا دەگەڕێین، هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی کۆچبەران و سروشتی کۆچەکە دەکۆڵینەوە. واتە ئاماجی توێژینەوەکە دیاریکردنی هۆکارەکانی کۆچکردنی ٢٠١٤-٢٠١٥ی گەنجانی کوردستانە، تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی ئەو کۆچبەرانە و سروشتی ئەم شەپۆلەی کۆچە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ڕۆژئاوا. توێژینەوەکە چەندایەتییە و پشت بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتیی ئۆنلاین و شیکاری داتای دەستی دوو بەستراوە. دەرکەوت کۆچەکە کۆچێکی سەرتاسەری بووە لە هەرێم نەک پارێزگایەک یان ناوچەیەکی دیاریکراو. کۆچبەران بە ڕێژەی زیاتر لە سێ لەسەر چوار ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە: گەنجبوون، سەڵتبوون، نێر بوون و خاوەنی داهاتی کەم. هەروەها هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچ بریتیبوون لە ناسەقامگیریی سیاسی، سنووردارییی ئازادیی تاکەکەسی، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

**وشە کلیلییەکان:** کۆچ، کۆچی نێونەتەوەیی، کۆچی نایاسایی.

## تایبەتمەندییەکانی کۆچبەرانی کوردستان و هۆکارەکانی کۆچکردنیان کۆچی گەنجانی هەرێم بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە دوای شەڕی داعش

### کۆچ

کۆچ بریتیە لە بزاوتی (نیمچە) هەمیشەیی تاک یان گرووپەکان لە پشت سنوورە سیمبولی یان سیاسییەکانەوە و چوون بۆ کۆمەڵگا یان کایە نوێیەکانی نیشتەجێبوون. (مارشال، ٢٠٠٩: ٧٤١)

وشەی کۆچ لە وشەی emigration داتاشراوە کە لە ساڵی ١٧٥٢ بە مانای کردەی جێهێشتنی وڵاتی ژێدەر (الاصل) دەهات. ڕەچەڵەکی ئەم وشەیە لە لاتینیدایە لە وشەی Immigrare و بە مانای بۆ لای من دێت یان پەنام بۆ دێنێت، کە لە دوو بڕگە پێکدێت Im و Migrare واتە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی ڕەسەن. بەڵام تایبەت بە کردەی کۆچ بە واتای چوونە ناو وڵاتێکی بێگانە، تاڕادەیەک نوێیە (١٨٤٠). (بانصونا، ٢٠١٠، ٢٠٣)

کۆچ بریتییە لە گۆڕینی هەمیشەیی یان نیمچە هەمیشەیی شوێنی نیشتەجێبوون لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر لە ناو یەک وڵاتدا یاخود لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر. جۆری یەکەمی کۆچ بە کۆچی ناوخۆیی و جۆری دووەمی بە کۆچی نێودەوڵەتی ناودەبرێت. (سیانی، ٢٠٠٤، ١٤٢)

پێشـــتر کـــۆچ هەرگیـــز بـــابەتێکی گرنـــگ نەبـــوو بـــۆ ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکـــان و قەتـــیش ئەولەویەتیـــان پێـــنەداوە، ئەوەی ســـەرنجی هەمـــووانی ڕادەکێشـــا کێشـــەی پەنـــابەران بـــوو. لە کۆتـــایی نەوەدەکـــانی سەدەی ڕابردوو کۆچ وەکو کێشـەیەک لە ئاسـتێکی فراوانتردا خـرایەڕوو، ئەوەی لەو نێوەدا کاری کرد و ڕۆڵیگێڕا خەباتی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تایبەت بە کۆچبەران و کۆمەڵە و فیدراسیونەکانی مافی مرۆڤ بوون، کە توانیـــان بـــڕوا بە هەنـــدێک دەوڵەت بێـــنن کە ڕێکەوتننـــامەی پاراســـتنی کـــۆچبەران بـــخەنە بـــواری جێبەجێکـــردنەوە لە ٢٠٠٣. لە ٢٠٠٠ کـــۆچی نێـــودەوڵەتی بە شـــێوەیەکی کردەیـــی بـــووە جـــێ بـــایەخی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان. لەو ســـــاڵەدا وەک ئەولەویەت بەســـــەر ئەجەنـــــدای چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیدا سەپێنرا، هەر لەو ساڵەدا ڕۆژی ١٨ سێپتێمبەر کرایە ڕۆژی نێونەتەوەیی کۆچبەران. (کونسورتیوم، ٢٠١١، ٨-٩)

دیاردەی کۆچی نێونەتەوەیی تاڕادەیەک بە دیاردەیەکی نوێ لە قەڵەم دەدرێـت، چـونکە لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـت بـوو، کە سیسـتەمی دەرکردنی ڤیزە و پاسپۆرت بەمەبەستی ڕێکخستنی پرۆسەی گەشتەکانی دەرەوەی سـنوور لە وڵاتـان داهێنـرا و گشـتگیربوو. (وثـوقی، منصـور و مجیـد حجتـی، ٢.١٢، ٢٤). لە کـۆی ٧ ملیـار کەس لە جیهـان، یەک ملیـار کـۆچبەر هەیە. لەو ژمـارەیە نـزیکەی ٧٥٠ ملیـۆن کـۆچبەری نـاوخۆیین. (Laczko and Lönnback, 2013, 5).

یەکێتیی ئەوروپا پێیوایە کە ئەم جۆرە کۆچە دیاردەیەکی فرە جۆرە و ڕەگەزنامەی سێ وڵات لەخۆدەگرێت: کۆچبەران دێنە هەرێمی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا لە ڕێگەی وشکانی یان دەریایی یان ئاسمانی. ئەمە بە زۆری بە بەڵگەنـامەی سـاختە دەکرێـت یـاخود بە هاوکـاریی

تۆڕەکانی تاوانی ڕێکخراو لە مافیا و بازرگانەکان، ژمارەیەک کەسیش هەن کە بە شێوەی یاسایی و ڤیزاوە دێن، بەڵام دەمێننەوە یاخود مەبەستی سەردانەکە دەگۆڕن و دەمێننەوە بەبێ ئەوەی ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارانی لەسەر بێت، دواجار خەڵکانێکیش هەن کە داوای پەنابەریێتیی سیاسی دەکەن کە ڕەزامەندی لەسەر داواکەیان بەدەستناهێنن، بەڵام هەر لە وڵات دەمێننەوە. (فایزة، ٢٠١١، ٣٦)

## جۆرەکانی کۆچ

کۆچ چەندین جۆری هەیە و بە چەندین شێوە پۆلێندەکرێت. هەندێک لە توێژەران جیاوازی لە نێوان شوێنگۆڕکێی ناچاری و شوێنگۆڕکێی ئارەزوومەندانە دەکەن. لە شوێنگۆڕکێی ئارەزوومەندانە دا خەڵکی وڵاتی خۆیان بە حەزی خۆیان و بە مەبەستی باشترکردنی ژیانیان بەجێدێڵن. لە کاتێکدا لە شوێنگۆڕکێی ناچاریدا، ئەوان ناچاردەکرێن ماڵ و حاڵیان جێبهێڵن لەبەر هۆکارەکانی جەنگ، یان کێشە سیاسییەکان و ڕووداوە سروشتییەکان. (Kandall, 2014, 581).

خشتەی ١ جۆرەکانی کۆچ دەخاتەڕوو

| پێوەری پۆلینکردن | جۆری کۆچ | پێناسە |
|---|---|---|
| لە ڕووی فۆرمەوە | کۆچی تاکەکەسی | جێگۆڕکێی تاکەکەسەکانە بە شێوەی تاک هەروەها بە شێوەی خێزان کە ژمارەیەک ئەندامی خێزان پێکەوەن |
| | کۆچی بەکۆمەڵ | جێگۆڕکێی ئاپورایەک لەخەڵک دەگرێتەوە |
| لە ڕووی خواست و ویستەوە | کۆچی ئیختیاری | مەبەست لەو کۆچەیە کە هیچ ناچارکردنێکی تێدا نییەو تاکەکان بە ویستی خۆیان ئەنجامی دەدەن |
| | کۆچی ناچاری | ئەو کۆچەیە کە بەلای کەمەوە تۆخمێکی ناچارکردنی تێدایە وەک هەڕەشەکانی ژیان و ژیار، هۆکارە سروشتیەکان وەک بەبیابانبوون و لافاو، هۆکارە مرۆییەکان وک شەڕ و ئاوارەیی... |
| لە ڕووی کاتەوە | کۆچی هەمیشەیی | کە کۆچبەران مەبەست یان ئەگەری گەڕانەوەیان نییە بۆ شوێنی رەسەنیان |
| | کۆچی کاتی | ئاماژە بەو کۆچە دەکات کە کۆچبەر مەبەستی گەڕانەوەی هەیە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو بەلای کەمەوە دوای ساڵێک کە دەشێ ئیختیاری یان ناچاری بێت |
| لە ڕووی یاساییەوە | کۆچی یاسایی | لەم جۆرە دا وڵاتی خانەخوێ ڤیزە و نشینگەی بە کۆچبەر بەخشیوە |
| | کۆچی نایاسایی | لەم جۆرە کۆچەدا وڵاتی خانەخوێ ڤیزەی بە کۆچبەر نەبەخشیوە یان ماوەی ڤیزەکەی تەواو بووە |
| لە ڕووی شوێنەوە | کۆچی ناوخۆیی | هەر جۆرە شوێنگۆڕکێیەکی کاتی یان هەمیشەیی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونە لە سنووری وڵاتێکدا |
| | کۆچی نێودەوڵەتی | ئەو جۆرەی کۆچە کە بەلای کەمەوە سنووری وڵاتێک دەبڕێت |

سەرچاوە: زرقانی و موسوی، ٢٠١٢، ١٢

هەروەهــا جیــاوازی دەکرێــت لە نێــوان کــۆچی کــاتی و کــۆچی هەمیشـەیی. لە کۆچە هەمیشـەییەکاندا، کۆچبەران بڕیـاری نەگەڕانەوە بـۆ وڵاتی خۆیان دەدەن، بەڵام لە کۆچی کاتیدا، کۆچبەران هەر لە سـەرەتاوە بڕیـاری گەڕانەوەیـان داوە بـۆ وڵاتـی خۆیـان دوای کۆتاییهـاتنی مەبەسـتی کۆچەکە (جانسـتون و دیگران، ٢٠٠٤: ٢٦٧). لە خشـتەی (١) دا (زرقـانی و موسوی، ٢٠١٢: ١٢) جۆرەکانی کۆچ خراوەتەڕوو.

یەکێک لە پولێنەکانی دیکەی کۆچ بریتییە لە کۆچی یاسایی و کۆچی نایاسایی. کۆچی نایاسایی واتە بزاوتی تاک یان گرووپ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە شێوەی نهێنی و سەرپێچیکردن لە یاساکانی کۆچ. (فایزة، ٢٠١١، ٣٥)

هەروەها کۆچ بۆ کۆچی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش دابەش دەکرێت. کۆچی نێودەوڵەتی بریتییە لە بزاوت بۆ وڵاتێکی دیکە و نیشتەجێبوون لەوێ بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ ( Enache, 2010,18).

## تیۆرەکانی کۆچ

کۆچ وەک دیاردەیەکی فرەلایەنی جیهانی لە لایەن زاناکانەوە کۆمەڵێک ڕاڤەی تیۆری لە گوشەنیگای جیاوازەوە، بۆکراوە. لە هێلکاری (١) دا ( Bijak, 2006: 5) پۆلێنێکی ئەو تیۆرانە دەخەینەڕوو کە لە سەدەی بیستەمدا داڕێژراون بە مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەو دیاردەیە.

**هێلکاری (١) تیۆرەکانی کۆچ دەخاتە ڕوو**




سەرچاوە: Bijak, 2006, 5

یەکەمین ڕاڤەی تیۆری لەبارەی کۆچەوە لەلایەن ((جورج ڕاڤنشتاین))ەوە بە ناوی یاساکانی کۆچ خرایەڕوو، کە لە دوو وتاردا لە ١٨٨٥ و ١٨٨٩ دا بڵاوکرایەوە. لە ١٨٨٥ حەوت یاسای دەستنیشانکرد بۆ کۆچ ((RAVENSTEIN,1885, 189-199، لە ١٨٨٩ لە میانەی توێژینەوەیەکی دیکەیدا گەشەی بەو بابەتە دا و ٣ یاسای دیکەشی بۆ زیاد کرد. کرۆکی تیۆرەکەی ئەو ئەوەیە کە کۆچکردن بە ڕێکەوت نییە،

بەڵکو یاسای تایبەت بەسەر کۆچکردندا زاڵە. ئەو لە مۆدێلە تیۆرییەکەیدا دوو دەستە لە هۆکارە کاریگەرەکانی لەبەرچاودەگرێت لەژێر ناوی هۆکارەکانی پاڵپێوەنان و ڕاکێشان لەتەک گۆڕاوی مەودای جوگرافی (مصطفى و قاسمي، ٢٠١٣، ٨٠).

نووسینی ئەو جوگرافیناسە لەبارەی یاساکانی کۆچەوە کاریگەریی زۆری لەسەر توێژینەوەکانی دواتر هەبوو لە ڕووی بونیاد و پرۆسەی کۆچەوە و کاریگەرییەکی سەرەکیی هەبوو لەسەر توێژینەوەکانی کۆچ لە پسپۆری جۆراوجۆردا (DUNNIGAN, 2011, 9).

ئیڤەرت لی لە ١٩٦٦ وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناوی تیۆرەکانی کۆچ، لە میانەی ئەو وتارەیدا وێڕای هەڵسەنگاندنی کارەکەی ڕاڤێنشتاین، لە تیۆرەکەی خۆی "فاکتەرەکانی پاڵپێوەنان و ڕاکێشان" ی خستەڕوو کە ئەم تیۆرە چوار توخم لەخۆدەگرێت:

١ – ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە ڕووبەری ڕەسەنەوە هەیە.

٢ – ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە ڕووبەری مەبەستەوە هەیە.

٣ – کوسپ و تەگەرەکان

٤ تایبەتمەندییە کەسییەکان.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی تیۆرەکەی هێلکارییەکی کێشا کە لەو هێلکاریەدا ئەو چوار توخمە ڕووندەکاتەوە (Lee, 1966, 47-57).

هێلکاریی (٢) تیۆری لی ڕووندەکاتەوە




ئەوەی لە تیۆری ((لی)) دا جێی بایەخە توخمی سێیەم و چوارەمن، چونکە پێش ((لی)) مۆدێلی پاڵپێوەنان و ڕاکێشانی کۆچ باسکرابوو. مەبەستی ((لی)) لە کوسپ و تەگەرەکان، ئەو کوسپانەن کە پرۆسەی کۆچ قورستر دەکەن، بۆ نموونە گوژمەی پێویست بۆ کۆچ، پولیسی سنوور، تەنگوچەڵەمەکانی ڕێگا، مەترسییەکانی دەریا... هەروەها مەبەست لە تایبەتمەندییە کەسییەکان تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، گرووپی ئاینی یان نەتەوەیی...ن، چونکە هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر کۆچ هەیە. هەروەها وەک لە هێلکارییەکەدا دەردەکەوێت لە شوێنی ڕەسەن و شوێنی مەبەستەوە سێ جۆر فاکتەر هەن، فاکتەرە ئەرێنییەکان بە نیشانەی +، فاکتەرە نەرێنییەکان بە نیشانەی – و فاکتەرە بێکاریگەرییەکان بە نیشانەی **0**، دیاریکراون. بڕوانە هێلکاری (٢).

لاوری و ڕوجێرز تیۆری پاڵپێوەنان و ڕاکێشانیان تاقیکردەوە و هەڵومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی شوێنی دەسپێک و شوێنی

مەبەستیان لەبەرچاوگرت. ئەگەرچی بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئەوان لە ئەمریکا هۆکارە ئابوورییەکان بزوێنەری کۆچ بووە، بەڵام بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی کۆچ بنەماگەلی ئەقڵانی زیاتر بە پێویست دەزانن. هەردووکیان گەیشتنە ئەوەی کە کۆچ لە شوێنی دەسپێکەوە بۆ شوێنی مەبەست پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی بێکارییەوە هەیە لە هەردوو شوێنی دەسپێک و مەبەست (حسینی، ٢٠٠٦: ١٣٨-١٣٩).

تیۆرێکی هەرە باو لە ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی کۆچ تیۆری کلاسیکی نوێیە بەو گریمانەیەی کە پاڵنەری کۆچ بە پلەی یەکەم ئیعتیباراتی ئەقڵانییە ئابوورییەکانە لە خەرجی و سوودی ڕێژەیی. وێڕای ڕەخنە لە چەمک و بنەما ئێمپیریکەکانی ئەم تیۆرە، بەهۆی ڕاڤە بەهێزەکانی و توانای لە خستنەڕووی ژمارەیەک گریمانە کە قابیلی ئەزموونن و میکانیزمە بەهێزەکانی لە ڕاڤەکردنی کۆچ، نەک تەنیا لەبارەی هۆکارەکانی بەڵکو لەبارەی ئاکامەکانی کۆچیشەوە، پێگەیەکی بەرزی لەو توێژینەوانەدا هەیە کە پەیوەندیدارن بە بواری ئەکادیمی یان سیاسی (Kurekova, 2009: 4).

ئەم مۆدێلە تا دەیەی ١٩٥٠ زیاتر لەسەر ئەو پنچینەیە گەشەی پێدراوە کە کۆچ وەک پرۆسەیەک بۆ گەشەی ئابووری ڕاڤەبکات، بەڵام لە ١٩٧٠ هاریس و تودارۆ کۆچ بە ئەنجامی حەقدەستە جیاوازەکان دەزانن لە بازاڕی کاردا، کە لەو ڕووەوە نەگونجانێکی زۆر لە نێوان وڵاتاندا هەیە. ئەرگومێنتی سەرەکی ئەم تیۆرە بوونی پەیوەندییەکی هێڵییانەیە لە نێوان جیاوازی لە حەقدەستەکان و تەوژمی کۆچ. بەڵام لە نوێترین تێڕوانینەکانی ئەم تیۆرەدا لەجیاتی ئەوەی کۆچ بەرئەنجامی چاوەڕوانی داهاتی واقعی بێت، کۆچ ئاکامی ئەگەری بوونی هەلی کارە(Kurekova, 2009, 5) .

یەکێکی تر لە تیۆرەکان، تیۆری ئابووریی نوێی کۆچە. سەرهەڵدانی تیۆری ئابووریی نوێی کۆچ چالنجێکی گەورە بوو بۆ گریمانە و

ئەنجامگیرییەکانی تیۆری کلاسیکیی نوێ. تێڕوانینی سەرەکیی ئەم تیۆرە ئەوەیە؛ تاکو ئێستا پێیانوابوو بڕیاردان لەسەر کۆچ بەهۆی ئەکتەرە تاکەکەسی و پەراوێزییەکانەوە دراوە، لە کاتێکدا پێویستە ئەو هەوڵە لەگەڵ یەکە گەورەکانی تر (خێزانەکان) بدرێت، خەڵکی بە کۆمەڵ کردەیەک دەنوێنن، نەک تەنیا بۆ چاوەڕێکردنی زۆرترین داهات، بەڵکو بە گەیاندنی مەترسی بۆ کەمترین ئاست و کەمکردنەوەی سنووردارییەکانی پەیوەست بە شکستە جۆراوجۆرەکانی بازاڕ، واتە خێزان بۆ سنووردارنەکردنی داهاتەکانی بڕیار لەسەر کۆچکردنی تاکێک یان زیاتری خێزانەکەی دەدات (Massey, 1993, 436).

تیۆری نێتوۆرک لە ئێستادا یەکێکە لە تیۆرە باوەکان لە ڕاڤەکردنی دیاردەی کۆچی نێونەتەوەیی. لە ئەنجامی تەوژمی زۆری کۆچبەرە نێونەتەوەییەکان، دەشێ تۆڕی کۆچبەران دروست ببن، کە ئەم تۆڕانە پشتئەستورن بە پەیوەندیی کەسی لە نێوان دانیشتووانە کۆچبەرەکان لە وڵاتی ڕەسەن و کۆچبەرانی زوو لە وڵاتی خانەخوێ ( Jennissen, 2004, 54). وابەستەییە کۆمەڵایەتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پێش کۆچ، هاوکاریی کۆچبەران دەکات لە پرۆسەی کۆچ و قۆناغەکانی دواتردا. کۆچبەرە نوێیەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە دەبەسترێنەوە بە کۆچبەرانی پێشووتر لە یارمەتی و پشتیوانییە جۆراوجۆرەکانیان بەهرەمەند دەبن (موحد و نیازی، ٢٠٠٨، ٣٧).

تیۆری سیستەمی جیهانی لەسەر بنچینەی بیروکەکانی ڤالرشتاین داڕێژراوە، ئەم تیۆرە سەرچاوەی کۆچی نێونەتەوەیی دەگەڕێنێتەوە بۆ بونیادی بازاڕی جیهانی کە لە سەدەی شازدەوە گەشەی کردووە، بەپێی ئەم تێزە پەیوەندییەکانی ئابووریی سەرمایەداری، دانیشتووانێکی بە جووڵە لە کۆمەڵگا پەڕاوێزە ناسەرمایەدارییەکاندا دەهێنێتە ئاراوە، کە

ئامادەیی کۆچیان تێدایە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات (ساروخانی و اسماعیل و نیازی، ٢٠٠٩، ٧٦).

تیۆری بازاڕی کاری دووانەیی وەکو تیۆری سیستەمی جیهانی کۆچ دەبەستێتەوە بە گۆڕانکارییە ستراکتوورییەکانی ئابووری، بەڵام داینامیکیەتی کۆچ بەهۆی لایەنی داواکارییەوە ڕاڤەدەکات (Kurekova, 2009, 9) واتە کۆچی نێونەتەوەیی لە داواکاری کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکان بۆ کرێکاری سەرچاوە دەگرێت (Massey, 1993, 440) . تیۆری بازاڕی کاری دووانەیی گریمانەی دابەشبوونی ستراکتۆری وەزیفی و هەروەها جۆرێکی دووانەیی لە ڕێکخستنی ئابووری دەکات لە ئابوورییە پێشکەوتووەکاندا. ئەم تیۆرە وای بۆ دەچێت ئەوەی بزوێنەری ئەو کۆچەیە داواکارییە نەک خستنەڕوو، بەوەی لە ئابوورییە پێشکەوتووەکاندا بە جۆرێک سەرمایەگوزاری دەکرێت کە هەردوو جۆر کرێکاری شارەزا و ناشارەزا بەکاردەخرێن، و داواکاری لەسەر کرێکارە ناشارەزاکان زیاد دەبێت.(Kurekova, 2009, 9)

ماسی و هاوڕێکانی (١٩٩٣ و ١٩٩٨)، هەروەها سکورڵ (١٩٩٥) تیۆرەکانی کۆچی نێودەوڵەتی دابەشدەکەن بۆ دوو دەستە: ئەو باسە تیۆرییانەی دەسپێکی کۆچ ڕووندەکەنەوە هەروەها ئەو باسە تیۆرییانەی بەردەوامی کۆچ ڕووندەکەنەوە. بەلای ئەوانەوە تیۆری کلاسیکیی نوێ، بازاڕی کاری دووانەیی، ئابووری نوێی کۆچ و سیستەمی جیهانی ئەو تیۆرانەن کە دەسپێکی کۆچ ڕووندەکەنەوە. بەڵام تیۆرەکانی نێتوۆرک و تیۆری دامەزراوەیی هەوڵیانداوە بەردەوامیی کۆچ ڕوونبکەنەوە (Jennissen, 2004, 31).

## کۆچی کورد

لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر کۆچ دەکەینەوە لە سەردەمی نوێ و هەوڵدەدەین بەناو کۆچی کورد لە مێژوودا ڕوو نەچین. گەورەترین کۆچی کورد لە سەدەی نوێدا کۆچی زۆرەملێ و کێشەی ئاوارەبوون و بێشوێن مانەوەی کورد بە درێژایی سەدەی بیست درێژەی کێشاوە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە (Anamaghi and Heshmati. 2013. 89).

کۆچی کورد لە باکووری کوردستان لە بەهاری ١٩١٦ بۆ شارەکانی قونیە، ئەنقەرە، ئەدەنە، ئورفا و مووسڵ، لەو ماوەیەدا ٧٠٠ هەزار کورد ناچارکران لە ناوچەکانی باکوورەوە بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانی باکوور کۆچ بکەن (توفیق، ٢٠١٢، ٤٧٦-٤٨٤). کۆچی ٢٥ هەزار کورد لە باکووری کوردستانەوە بۆ ناوچەی جەزیرە لە ماوەی نێوان ١٩٢٥-١٩٢٨ (مکدول، ١٩٩٦، ٦٩٥). کۆچی بارزانییەکان بۆ تورکیا ١٩٣٢ (البارزاني، ١٩٨٥، ٤٠)، کۆچی بارزانییەکان بۆ ئێران ١٩٤٥، کۆچی بارزانییەکان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت ١٩٤٧ (بارزانی، ٢٠٠٢، ٦)، کۆچپێکردنی بارزانییەکان بۆ ناوچەکانی دیکە لە پارێزگای هەولێر و دهۆک لە ١٩٤٧-١٩٥٣ (البارزاني، ١٩٨٧، ٧١). کۆچ لە دەشتی هەولێر ١٩٦٣ لە ئەنجامی پەلاماری حەرەس قەومی (مینە، ١٩٩٩، ٢٤١)، کۆچی کوردی باشوور بۆ ئێران لە ١٩٧٤-١٩٧٥ کە بە نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت (خوشناو،٢٠٠٢، ٢٧٩). تەسفیری کوردە فەیلییەکان بۆ ئێران لە ١٩٧٨ ڕاگواستنی ٤٥٠٠ گوند لە نێوان ١٩٧٥- ١٩٩٠ (کریم، ٢٠٠٧، ٢٢٢). کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەمان ئەو تاقیکردنەوەیەیان هەبووە. لە تورکیا تا ١٩٩٧ زیاتر لە ٣٠٠٠ گوندی کورد خاپوورکران و دوو تا سێ ملیۆن کورد ئاوارەبوون (Ibrahim, 2000,185). لە ململانێ و شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ناگورنۆ قەرەباخ لە ١٩٨٨ زیاتر لە ١٥٠

هەزار کورد ئاوارەبوون دوای ئەوەی ناوچەکەیان وێرانکرا ( Miho and Maglaughlin, 2001, 22).

کۆچی کورد بۆ دەرەوەی سنوور بەتایبەتی دەرەوەی سنووری کورردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. لە ١٩٥٠-١٩٥١ جووە کوردەکان کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل (Zaken, 2007,188)، کە ژمارەیان لە ئێستادا لە نێوان ١٠٠ هەزار بۆ ٢٠٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێن ( Ember, M. Ember, C. R, 2005, 1012). لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵێک قوتابیی کورد بە مەبەستی خوێندن کۆچیان کرد بۆ ئەورووپا، لە ١٩٤٩ چەند قوتابییەکی کورد ڕێکخراوێکیان بۆ قوتابییانی کورد لە ئەورووپا دامەزراند. هەروەها لە ١٩٥٦ حەڤدە قوتابیی کورد لە شاری ڤیزبادنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕێکخراوێکیان بەناوی کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دامەزراند. لە کۆنگرەی پێنجەمی ئەم ڕێکخراوە لە ١٩٦٠ لە بەرلینی ڕۆژئاوا، حەفتا و دوو خوێندکار بەشداری کۆنگرەکەیان کرد (ئەحمەد، ٢٠١٧، ٥٢٥-٥٢٦). لە دەیەی ١٩٦٠ ژمارەیەک گەنجی ڕۆشەنبیری کورد لە هەموو پارچەکانەوە بۆ خوێندن ڕوویان لە ئەورووپا کرد (barzoo, 2013). لە توێژینەوەیەکدا لە بارەی دیاسپۆرای کورد لە کۆماری چیک، توێژەر باس لەوە دەکات کە زۆرترینی ئەو قوتابییە کوردانەی بۆ خوێندن ڕوویان لە چیکوسلوفاکیا دەکرد لە سەرەتای ١٩٦٠، کوردی عێراق بوون و دواتر کوردی سوریا و ئێران بە پلەی دووەم دەهاتن (Murad, 2015, 300). لە نێوان ١٩٦١-١٩٧٣ لە تورکیاوە ٩٠٠ هەزار کرێکاری میوان کۆچیان کرد بۆ ئەڵمانیا بە مەبەستی کارکردن، لەو ڕێژەیە ٢٠-٢٥%ی کورد بوون (Blatte, 2006, 187) واتە لە دەوروبەری ٢٠٠ هەزار کەسێک. ژمارەی ئەو کوردانە لە ١٩٩٦ بە ٥٠٠ هەزار کورد مەزەندەکراون ( Lyon, A.J, Ucarer, E. M,

2001, 925). هەروەها لەهەمان ئەو ماوەیە واتە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٦٠ کۆچێکی دیکە لە تورکیاوە بۆ سوید دەستی پێکرد، کە گەورەترین شەپۆلی ئەو کرێکارە میوانانە لە نێوان ١٩٦٦-١٩٧٠. بوو، کە بێگومان ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو کرێکارانە کورد بوون. کوچی کورد لە تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتە بە دوو شەپۆلی دیکەش بووە لە سەرەتای ١٩٧٠ و سەرەتای ١٩٨٠ دوای کودەتای عەسکەری، کە ئەم دوو شەپۆلە وەکو شەپۆلی یەکەم پاڵنەرەکەی دەستخستنی کار نەبوو، بەڵکو زیاتر سیاسی بوو. ژمارەی کورد لەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٨ بە نزیکەی ٥٥٠٠٠ کەس لە قەڵەم دراوە (Baser, 2015,128).

کۆچی کوردانی باکوور لە دوای کودەتای ١٩٨٠ تەنیا بۆ سوید نەبوو، ئەمریکای باکوور، ئاسیای ناوەڕاست، لوبنان و ئوستورالیا کە زۆربەی داتاکان مێژوویان بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٠-٢٠٠١ دەگەڕێنەوە (بڕوانە خشتەی ١)، ژمارەی کورد لە کتێبی کورد لە ئەڵمانیادا هاتووە کە نزیکەی یەک ملیون کورد لە ئەوروپا هەن. لەو ژمارەیە نزیکەی ٦٠٠ هەزار لە وڵاتی ئەڵمانیان، کە ٥٠٠ هەزاریان کوردی باکوور و ١٠٠ هەزار کوردی باشوور و ٥ هەزار کوردی ڕۆژئاوا و چوار هەزار خەڵکی ڕۆژهەڵاتن (Ember, M. Ember, C. R, 2005, 1012). کورد لە سوید لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ٢٠٠ هەزار، لە فەڕەنسا بە ١٥٠ هەزار و لە بەریتانیا بە ١٠٠ هەزار لە قەڵەم دراون ( Anheier and Raj, 2007,528). ژمارە زۆرەکە کۆچیان کردووە بۆ ئەڵمانیا، فەڕەنسا، هۆلەندا و بەلجیکا (Kelly, 2008, 67). ئەمیری حەسەن پور و موختار هاشمی لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی دیاسپورای کوردی خشتەیەک دەخەنەڕوو.

ژمــارەی کوردەکــان لە خشــتەکەدایە بەپێــی وڵاتە جیاوازەکــان لە ئەورووپا، لە کتێبی توندوتیژیی بیناکراو لەسـەر شـەرەف ژمارەی کورد لە بەریتانیـا بە ٢٠٠ هەزار کەس لە قەڵەم دراوە، کە تەنیـا ژمــارەی کــوردی نیشـــتەجێی لەنـــدەن لە نێــوان ٦٠ هەزار بـــۆ ٨٠ هەزار کەس دەبێـــت (Begikhani and Gill, 2015, 92). بەڵام سـەرچاوەی دیکە هەیە کە ژمـارەی کـورد لە ئەورووپـا بە ١.٣ ملیـۆن کەس دادەنێت، جەختـیش لەوە دەکـاتەوە کە ٨٥% ئەو ژمـارەیە کـوردی بـاکوورن و ژمـارەی کـورد لە ئەڵمانیا دەگاتە ٨٠٠ هەزار کەس (Hashemi, 2013,127). سـەرچاوەی دیـکە هەیە لە ٢٠٠٦ کە پێیـوایە ژمـارەی کـورد لە ئەورووپـای ڕۆژئـاوا و ئەمریکـای بـاکوور دەگـاتە ١.٤ ملیـون کەس، کە ٨٥% کـوردی بـاکوورن (Akkaya, 2013, 114). دەبێت ئەوەش بڵێین کە هـیچ سـەرژمێرییەکی بە ئیعتیبـار نیـیە کە ژمـارەی کورد لە ئەورووپا یـان قەبـارەی دیاسـپۆرای کوردی بە وردی دەستنیشانبکات (Akkaya, 2013, 114).

| خشتەی 2 ژمارەی دیاسپۆرای کوردی پیشاندەدات | | |
|---|---|---|
| ناوچە | وڵات | ژمارەی کورد |
| ئەوروپا | ئەڵمانیا | ٥٠٠٠٠٠ |
| | فەرەنسا | ١٢٠٠٠٠-١٠٠٠٠٠ |
| | هۆڵەندا | ٨٠٠٠٠-٧٠٠٠٠ |
| | سویسرا | ٧٥٣١ |
| | بەلجیکا | ٦٠٠٠٠-٥٠٠٠٠ |
| | نەمسا | ٦٠٠٠٠-٥٠٠٠٠ |
| | سوید | ٣٠٠٠٠-٢٥٠٠٠ |
| | بەریتانیا | ٢٥٠٠٠-٢٠٠٠٠ |
| | یونان | ٢٥٠٠٠-٢٠٠٠٠ |
| | دانمارک | ١٠٠٠٠-٨٠٠٠ |
| | نەرویج | ٥٠٠٠-٤٠٠٠ |
| | ئیتالیا | ٤٠٠٠-٣٠٠٠ |
| | فنلەندا | ٣٩١٦ |
| | روسیا | |
| | سیبیریا | ٣٥٠٠٠٠ |
| | کراسنۆدار | ٣٠٠٠٠ |
| ئاسیای ناوەڕاست | کازاخستان | ٣٠٠٠٠ |
| | تورکمنستان | ٥٠٠٠٠ |
| | کیرغیزیا | ٢٠٠٠٠ |
| | ئوزبیکستان | ١٠٠٠٠ |
| | تاجیکستان | ٣٠٠٠ |
| قەوقاسیا | ئەرمینیا | ٧٥٠٠٠ |
| | ئازەربیجان | ٣٠٠٠٠-١٢٠٠٠ |
| | جورجیا | ٤٠٠٠٠ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | لوبنان | ١٠٠٠٠٠-٧٥٠٠٠ |
| ئەمریکای باکور | ویلایەتە یەکگرتووەکان | ٢٠٠٠٠-١٥٠٠٠ |
| | کەنەدا | ٧١٤٠ |
| ئۆشیانیا | ئوستورالیا | ٢٨٤٥ |
| | نیوزلەند | ٦٠٣ |

Source: Hassanpour, A. ,Mojab, S., 2005, 214

## کۆچی کورد لە عێراقەوە بۆ ڕۆژئاوا

کۆچی کورد لە عێراقەوە بۆ ڕۆژئاوا بە گرووپی بچووک دەستیپێکرد لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ و سەرەتاکانی ١٩٧٠. لە ١٩٨٠ و ١٩٩٠ کۆچی کورد لە عێراق بە شێوەیەکی دراماتیکی زیادی کرد وەک ئاکامێکی شەڕی کەنداوی ١٩٨٠، شۆڕشی چەکداریی کورد لە دژی بەعس و جینۆسایدی کورد لەلایەن بەعسییەکانەوە (Begikhani and Gill, 2015, 94).

ئەحمەد ئاکایا باس لە چوار شەپۆلی کۆچی کورد لە عێراقەوە بۆ ڕۆژئاوا دەکات. سێ شەپۆل لە کۆی چوار شەپۆل ئاکامی ململانێ و دژایەتی کورد بوون لەگەڵ ڕژێمی بەعس. شەپۆلی یەکەم لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ ڕاستەوخۆ لە دوای ڕێکەوتنی ئەلجەزائیر لە نیوان سەددام حوسێن و شای ئێران هات، کە لەو ماوەیەدا شەپۆلێکی گەورەی ئاوارەیی بۆ ئێران دەستی پێکرد و لەگەڵ ئەوەشدا کۆچی نێونەتەوەیی شێوەی وەرگرت بەوەی کۆمەڵێک لە سیاسی و پێشمەرگ ڕێگەی وڵاتانی ئەوروپایان گرتەبەر. دووەم شەپۆلی کۆچ لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ ڕوویدا، کاتێک هەزاران کورد لە ناوچەکانی شۆڕش ناچاربوون سنوورەکانی ئێران و تورکیا ببڕن و لە کەمپەکانی ئەو دوو وڵاتە نیشتەجێ ببن. سێیەم شەپۆل لە دوای کۆڕەوی ١٩٩١ شێوەی وەرگرت کە دیسان زیاتر لە ملیونێک و نیو کورد ڕوویان لە ئێران و تورکیا کرد. لە هەموو ئەو شەپۆلانەدا خەڵکانێک بە ژمارەی جیاواز توانیان خۆیان بگەیینە وڵاتانی ڕۆژئاوا و قەبارەی دیاسپۆرای کوردی گەورە بکەن. بەڵام کۆچی بە کۆمەڵی کورد لە عێراق بۆ ئەوروپا لە دەیەی١٩٩٠ فۆرمالیزەبوو، کە دەکرێ بە شەپۆلی چوارەم ناوی ببەین، ئەم شەپۆلە لە دوای ١٩٩٣ و لە ئاکامی شەڕی براکوژی ١٩٩٤-١٩٩٨ لە نێوان حیزبە کوردییەکان و قەیرانی ئابووری و نەبوونی

خزمەتگوزارییەکـان دروسـت بـوو. ئامـانج و هۆکـاری ئەم شـەپۆلە بە تەواوی جیـاواز بـوون لە هۆکـار و ئامـانجی سـێ شـەپۆلەکەی پێشـوو (Akkaya, 2013, 113). دەکرێ شـەپۆلی کـۆچی کـورد لە هەرێمـی کوردسـتانەوە لە (٢٠١٥) بۆ ڕۆژئـاوا بە شـەپۆلی پێنجەم لە قەلەم بدەین. ئەم شـــەپۆلە لە ڕووی هۆکـــار و ئامانجەکـــانەوە هاوشـــێوەی شـــەپۆلی چوارەمە. کورتی ماوەکەی و بەربڵاوییەکەی دوو خاڵی جیاکەرەوەی ئەو شەپۆلەن. کە درێژتر قسەی لەسەر دەکەین.

لە توێژینەوەیەکدا لە بارەی کوردە پەناخوازەکان لە یونان، توێژەر ئاماژە بە چەند شـەپۆلێکی کۆچی کوردان دەکات بۆ ئەو وڵاتە: یەکەمین شـەپۆلی گەورەی کـۆچ لە سـەرەتای دەیەی ١٩٩٠ دوای بەکارهێنـانی چەکی کیمیایی لە هەلەبجە ٣٠٠٠ کەس لە کورد و ئاشووری ڕوویان لە یۆنان کرد. شەپۆلی دووەم ١٩٩٤-١٩٩٥ دوای زیادبوونی توندوتیژییەکان لە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا دەسـتیپێکرد، سـێیەم شـەپۆل لە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٩٦-١٩٩٨ لە ئەنجـامی شـەڕی براکـوژی لە هەرێمـی کوردستان ڕوویان لە یونان کرد(Papadupouiou, 2013.248-249).

### میتۆدۆلۆژیا

#### ١- میتۆد

ئەمـە توێژینەوەیـەکی چەندایەتییـە و تیایـدا پشـت بـە ڕووپێـوی کۆمەڵایەتی (Social Survey) بەستراوە. توێژەر ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە گونجـاو دەزانێـت بـۆ ئەم جـۆرە تـوێژینەوانە، چـونکە لە دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتی دەکـۆڵێتەوە لە ئێسـتادا، هـەروەها چونکـە چەندایەتییـە. واتە ئەوەی بـۆ تـوێژەر گـرنگە ئەوەیە داخـۆ لەم قۆنـاغەدا تایبەتمەنـدیی کـۆچبەران چین، هۆکارەکـانی کـۆچ چـین و قەبـارەی دیـاردەکە چەنـدە؟

میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. جگە لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕاڤەی دەستی دووەمی داتا بەستووە (Secondary Analyses) لە دیاریکردنی پۆتانسیلی کۆچ، چونکە بەهۆی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە دەرنەدەکەوت کە توانای کۆچ چەندە، بۆیە بەباشمان زانی پەنا ببەینە بەر داتای دیکە و هەوڵ بدەین لەو ڕێگەیەوە ئەو پۆتانسیلە بدۆزینەوە.

## ٢- کۆمەڵگا و نموونە

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوە کۆچبەرەکانی هەرێمی کوردستانن بۆ دەرەوەی وڵات لە ٢٠١٤-٢٠١٥. نموونەکە نموونەیەکی هەڕەمەکییە. لە ڕاستیدا چۆنیەتی وەرگرتنی نموونەکە یەکێک بوو لە چالێنجەکانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە سەرەتا لەو بگرە و بەردەیەدا بووین کە ئایا کێ وەک نموونە لەم توێژینەوەیەدا وەربگیرێت. ئایا ئەوانەی کۆچیان کردووە، کە پەرت و بڵاوبوونە بەسەر وڵاتانی جیهاندا لە تورکیاوە بگرە تا دەگاتە ئەمریکای باکوور، چۆن دەتوانرێت چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمانە بکرێت یان پرسیارنامە بگەیەنرێتە دەستیان؟ بۆیە لە سەرەتادا وەرگرتنی ئەو جۆرە نموونەیە تاڕادەیەک وەلاوەنرا و بیرمان لە بەدیلی ئەوە کردەوە، یەکێک لە بەدیلەکان ئەوەبوو، ئەو کەسانە وەرگرین کە کۆچیانکردووە و گەڕاونەتەوە، چونکە دیاربوو کە خەڵکانێک ئەوانەی کۆچیانکردبوو هەر زوو گەڕانەوە هەرێم لەبەر هەر هۆکارێک بێت. سێیەم ئیختیاری ئێمە بۆ نموونە کەسوکاری کۆچبەرەکان بوو لە خێزان و هاوڕێ، پێمانوابوو خێزانی کۆچبەر یان هاوڕێی نزیکی کەسی کۆچبەر دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە بداتەوە، بەوەی ئاگاداری تایبەتمەندییە کەسییەکانی کەسی کۆچبەرە لە نموونەی تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، باری کۆمەڵایەتی، پیشە، ئاستی خوێندن، لە لایەک و لە

لایەکی دیکەوە، تاڕادەیەک دەبێت ئاگاداری هۆکارەکانی کۆچی کەسەکە بێت، بەوەی پێش کۆچ دانیشتوون و قسەیان کردووە لەو بارەوە. بەڵام دواجار هەردوو بژاردە دووەم و سێیەممان بەلاوەنان، بژاردەی دووەم لەبەرئەوەی کە ئێمە نازانین ئایا ژمارەی ئەو کەسانەی گەڕابوونەوە بەشی ئەوە دەکەن نموونەیەکی گونجاو بن لە ڕووی قەبارەوە، هەروەها بە چ میکانیزمێک دەتوانرێت ئەو کەسانە بدۆزرینەوە کە بەسەر ڕووبەرێکی فرەوانی وەک هەرێمی کوردستاندا دابەش بوون، لە کاتێکدا هیچ دامەزراوەیەک یان ڕێکخراوێک نە ئاماری کۆچبەرەکانی کردووە و نە ئاماری ئەوانەش هەیە کە گەڕاونەتەوە. بژاردەی سێیەمیشمان وەلاوەنا لەبەرئەوەی پێمانوابوو باشترین کەس کە پێویستە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکرێت یان داتای لێ وەربگیرێت خودی کۆچبەرەکانن، چونکە دەشێ کەسە نزیکەکانیان یان هەموو ڕاستییەکان نەزانن یان هەندێک شت لە ئێمە بشارنەوە، بۆیە باشتر وایە خودی ئەوانە وەک نموونە وەرگرین کە کۆچیان کردووە. بۆ ئەو مەبەستە بە پێویستمان زانی لە ڕێگای ڕووپێوی ئۆنلاینەوە و لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە ئەو کارە ئەنجام بدەین، چونکە دڵنیابووین لەوەی زۆربەی کۆچبەرەکان دەستیان بە ئینتەرنێت ڕادەگات لە لایەک و زۆربەشیان هەژماری فەیسبووکیان هەیە. بەڵام ئەوەش ئاسان نەبوو چونکە بۆ ئەوەی ئەو پرسیارنامەیە لە ڕێی فەیسبووکەوە بگاتە دەستیان و فەرامۆشی نەکات دەبێت لە کەسێکەوە بۆیان بچێت کە هاوڕێ یان کەسی نزیک و جێی متمانە بن، ئەگەرنا ژمارەی پێویستی نموونەکەمان بۆ ناگەڕێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پشتمان بە برادەران و ناسیاوەکانمان بەست لە شار و شاروچکە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان. داوامان لێکردن کە هەریەکێک لەلای خۆیەوە فۆرمەکە بۆ هاوڕێ و کەسوکاری کۆچبەرەکانیان بنێرن لە دەرەوەی وڵات و هەوڵ بدەن ئەم پرسیارنامەیە بە فرەوانترین شێوە بڵاوببێتەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئایا لە ڕووی زانستییەوە گونجاوە ئەو توێژینەوەیە بە ئۆنلاین ئەنجامبەین یان نەخێر؟ سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ڕووپێوی ئۆنلاین لە ئێستادا لە ئاستی جیهانی و لەلایەن ناوەندە زانستییەکانەوە بە ڕێژەیەکی زۆر سوودی لێوەردەگیرێت، دووەم دەبێت ئەوە بزانین کە بۆ هەندێک بابەت و هەندێک جۆر لە نموونەکان ئەم جۆرە لە ڕووپێو زۆر گونجاوترە لە جۆرەکانی دیکە. ڤالێری و لویز لە کتێبەکەیاندا بە ناوی ئەنجامدانی توێژینەوە ئۆنلاینەکان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە کە دەبێت لە چ کاتێکدا ئەم ڕووپێوە ئەنجامبدرێت. ئەوان ئاماژە بەم مەرجانە دەکەن: قەبارەی نموونەی پێویست؛ سنووردارییەکانی کاتی توێژینەوە؛ ئایا پرسیارنامەکە، زانیاری هەستیاری تێدایە؛ چ کەسێک ئامانجی توێژینەوەکەیە؛ ئایا چوارچێوەی نموونە وەرگرتن هەیە؛ ئایا نموونەی ئەگەری کافییە یان پێویستیمان بە نموونەی نائەگەرییە (Non-probability)؛ ئایا توێژەر توانای تەکنیکی بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوێکی ئۆنلاین هەیە (والری و لویز، ٢٠١٠، ٢٦-٢٩). بە بڕوای ئەوان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەرجانە دەکرێ ئەو جۆرە ڕووپێوە ئەنجامبدرێ. بە پشتبەستن بەو مەرجانە بەگونجاومانزانی پشت بە ڕووپێوی ئۆنلاین ببەستین.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە جۆرێکی دیکەی کۆکردنەوەی داتا بەستراوە، ئەویش داتای ئامارییە. لەبەرئەوەی هیچ ئامارێک نییە پێمان بڵێت ژمارەی کۆچبەران چەندە؟ ئێمە ناچاربووین هەوڵێک بدەین بەوەی لە ڕێی وەرگرتنی نموونەیەک لە چوار ناحیە بزانین ڕێژەی کۆچبەران چەندە. بۆ ئەو مەبەستە لە هەر پارێزگایەک (هەڵەبجە، سلێمانی، هەولێر و دهۆک) ناحیەیەک وەرگرا، بەڵام ئەو ناحیەیە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی وەرنەگیرا بەڵکو وەک نموونەی مەبەستدار. مەبەستیشمان ئەوەبوو ئەو ناحیانە وەرگرین کە هەستدەکرێت زۆرترین خەڵک لێیانەوە کۆچیان کردووە.

تـاكو مەزەنـدەی ڕێـژەی کـۆچبەران بکەیـن. بـۆ ئەو مەبەسـتە ناحیەکـانی: سیروان لە پارێزگای هەڵەبجە، سەنگەسەر لە پارێزگای سلێمانی، ڕزگاری لە پارێزگـای هەولێـر و شـێلادزێ لە پارێزگـای دهـۆک وەرگیـران. سـەرەتا لە ڕێگـای ئاسایشـی نـاحیە، فەرمـانگەی نـاحیەکە و خەڵکی جیاجیـا هەوڵمانـدا ژمـارەی ئەو کەسـانەمان دەسـکەوێت کە کۆچیـان کـردووە، دواتـر ئەو ژمارەیەمان بەراورد کرد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکە. بەو شێوەیە مەزەنـدەی ژمـارەی کۆچبەرانمـان لەو ناحیـانە دەسـتکەوت کە دەکرێ ئەوە بکەینە بنەمایەک بۆ زانینی قەبارەی کۆچ لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم کـۆچە کـۆچێکی سەرتاسـەری بـوو، خەڵکـی کـۆچبەر لە گەورەتـرین شـارەکانەوە تـاکو بچـووکترین شـارۆچکە و تەنـانەت خەڵکی لادێنشینیشـی تێدایە. بۆیە بەڕای توێژەر دەکرێ پشت بەو داتایانە ببەستین.

## ٣- ئامرازی کۆکردنەوەی داتا

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە پرسیارنامە بەستراوە. بەڵام پرسیارنامەی ئۆنلاین کەمێک جیاوازە لە پرسیارنامەی دیکە، یان دەکرێ بڵێین لە ڕووی فۆرم و تەکنیکەوە پرسیارنامەکەی ئێمە جیاواز بوو لەو پرسـیارنامانەی کە لە هەرێمـی کوردسـتان و بە دەسـت بڵاویـدەکەینەوە. چـونکە دەبێت لە ڕێگـای سـکریپتێکەوە پرسـیارنامەکە ئامـادە بـکەی کە پرسـیار لە دوای پرسیار دێتە سەر شاشەی کۆمپیوتەر یان تابلێت یان هاندی زیرەکەوە، هەروەها ڕاستەوخۆش داتاکان لە سێرڤەرەکەی ئێمەدا خەزن دەبوون. لە پرسیارنامەکەدا ڕەچاوی ئاسان وەڵامدانەوەمان کردبوو، بۆ ئەو مەبەستە هـیچ پرسـیارێکی کراوەمـان دانەنـابوو، چـونکە دەمـانزانی بەشـێکی زۆری نمـوونەکە کۆمپیـوتەری لەبەردەسـتدا نیـیە، بەڵکـو زۆرتـین وەڵامەکـان لە ڕێگـای هانـدییەکانەوە دەدرێـنەوە کە ڕەنـگە بەشـێک لە هاندییەکان پیتـی عەرەبیشیان لەسەر نەبێت، هەروەها ڕەنگە بەشێکیان لە کاتی وەڵامدانەوە

ڕەنگە  لە ڕێگا بن یان ڕێ و شوێنی گونجاویان نەبێت و نەتوانن کاتێکی زۆر بۆ وەڵامدانەوە تەرخان بکەن. هەروەها هەوڵماندا ژمارەی پرسیارەکان زۆر نەبێت، واتە تەنیا ئەوەندەی پێویستبوو بۆ دەسکەوتنی پرسیارە سەرەکیەکانمان. پرسیارنامەکە لە شێوەی سکریپتێکدا بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو ئامادەکرا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا بڵاوکرایەوە.

## خستنەڕووی زانیارییەکان

### تایبەتمەندیی کۆچبەران

### لە خشتەی (٣) دا تایبەتمەندییەکانی نموونەکە خراونەتەڕوو:

- **ڕەگەز:** وەک دەردەکەوێت زۆرینەی ڕەهای نموونەکە ڕەگەزی نێرن، کەمتر لە ٥% نموونەکە لە ڕەگەزی مێن. بۆیە وادیارە کە کۆچەکە زیاتر کۆچی ڕەگەزی نێرە، دیارە ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی نێرسالاری لە کۆمەڵگای کوردیدا و ڕەنگە بەشێکیشی بگەڕێتەوە بۆ نایاسایی بوونی کۆچەکە و ئەو تەنگوچەڵەمانەی لەسەر ڕێگای کۆچبەراندان. لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش کۆچی کورد سەرەتا کۆچی ڕەگەزی نێر بوو و دوای جێگیربوونی ئەوان لە هەندەران بەشێکی بەرچاوی کچانیشیان وەک هاوسەری ژیان گوێزرانەوە ئەوێ.

- **تەمەن**: وەک لە خشتەکەدا دیارە زیاتر لە ٨٥% نموونەکە لە خوار تەمەنی ٣٠ ساڵییەوەن، واتە دەکرێ بڵێین ئەم کۆچەی ٢٠١٤-٢٠١٥ وەک ناونراوە بە کۆچی گەنجان لە ڕاستیدا کۆچی گەنجانە. بەڵام ئەوەی زۆر جێگەی سەرەنجە ٨٠% نموونەکە تەمەنیان لە نێوان ٢٠-٢٩ ساڵیدایە، واتە توێژێکی گەنج و ئامادە بۆ کار.

-**باری کۆمەڵایەتی**: نموونەکە بە ڕێژەی نزیک لە ٨٥% سەڵتن و هاوسەرگیرییان نەکردووە، ئەوانەش کە هاوسەرگیرییان کردووە، ڕێژەیان ١٤% نموونەکەیە. دیارە سەڵت بوون بۆ خۆی یەکێکبووە لە ئاسانکارییەکان بۆ کۆچ چونکە کەمترین وابەستەیی هەیە و کەمتر دەروەستەیە بە کەسانی دیکەوە.

- **شوێنی نیشتەجێبوون**: وەک لە خشتەی (٢)دا دیارە نموونەکە لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک بە ڕێژەکانی ٣٧% و ٤٠% و ٢٣% دابەشبووە، دیارە کە ئەو ڕێژانەش نزیکن لە ڕێژەی دانیشتووانانی ئەو سێ پارێزگایە، پارێزگای هەڵەبجە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی هەژمارکراوە، کە نزیکەی ٢% نموونەکە پێکدەهێنێت. ئەوە بەو مانایەیە کە کۆچەکە سەرتاپاگیرە و تایبەت نییە بە ناوچەیەک یان پارێزگایەک.

خشتەی (٣) تایبەتمەندی کۆچبەران دەخاتەڕوو

| تایبەتمەندی | گۆڕاو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 96 |
| | مێ | 4 |
| تەمەن | 15-19 ساڵ | 6 |
| | 20-24 ساڵ | 40 |
| | 25-29 ساڵ | 40 |
| | 30 ساڵ و زیاتر | 14 |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 84 |
| | خێزاندار | 15 |
| | جیابووەوە | 1 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | هەولێر | 37 |
| | سلێمانی | 40 |
| | دهۆک | 23 |
| خوێندن | خوێندنەوە و نووسین | 5 |
| | بنەڕەتی | 11 |
| | ئامادەیی | 42 |
| | پەیمانگا و زانکۆ | 42 |
| باری ئابووری | باش | 34 |
| | ناوەند | 45 |
| | خراپ | 21 |
| داهات | کەمتر لە 299 هەزار | 51 |
| | 300-699 هەزار | 27 |
| | 700 هەزار و زیاتر | 22 |
| پیشە | بێکار | 26 |
| | قوتابی | 18 |
| | فەرمانبەر | 10 |
| | هێزی چەکدار | 11 |
| | کاری سەربەخۆ | 30 |

- **ئاستی خوێندن**: وەک لە خشتەی (٢)دا دەردەکەوێت نزیکەی ٨٥% نموونەکە دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆکانن. کە ئەمەش ئەوە دەگەینێت توێژێکی خوێندەوار لە ئاستێکی بەرزدا کۆچی کردووە. دیارە لێرەدا دەبێت سەرنجی دوو خاڵ بدەین؛ یەکەم ئەوەیە کە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دوای ئەوەی لە کەرتی گشتیدا دانامەزرێن پەنا دەبەنە بەر کۆچ، چونکە وا باوە لە کوردستان ئەگەر فەرمانبەری حکومەت نەبووی دواڕۆژێکت نییە. خاڵی دووەم ئەوەیە ڕێژەی دەرچووانی ئامادەیی یەکجار بەرزە ٤٢%، دیارە ئەوەش ئەوانەن کە شەشی ئامادەییان تەواوکردووە، بەڵام لەبەر نمرەی کەم لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرنەگیراون، بەتەواوی بێئومێد بوونە، چونکە خوێندنی زانکۆیی لەم هەرێمە وەک چارەنووسی هەموو قوتابییەک تەماشا دەکرێت، بۆیە کە لەوە بێبەش دەبێت، لەم وڵاتە بێئومێد دەبێت.

- **باری ئابووری**: ئەوانەی ئاماژە بەوە دەکەن باری ئابوورییان خراپە ڕێژەی هەرە کەمی نموونەکە پێکدەهێنن، بە گشتی نزیکەی ٢٠%، واتە یەک لە پێنجی نموونەکە، ئەوانی دیکە بە ڕێژەی زۆر بەرزتر ٣٤% باری ئابوورییان باشە و ٤٥% باری ئابوورییان ناوەندییە. دەگەینە ئەوەی کە ئەو کۆچە کۆچێک نییە سروشتی ئابووری بەسەریدا زاڵ بێت.

- **داهات**: سەبارەت بە داهاتی کۆچبەران لە هەرێمی کوردستان دەبینین لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەوەی نزیکەی ٨٠% نموونەکە داهاتی مانگانەیان لە خوار ٧٠٠ هەزار دینارەوەیە، لەو ڕێژەیەش نزیکەی ٥٠% نموونەکە داهاتیان لە خوار ٣٠٠ هەزار دیناری عێراقییەوەیە، کە لە ڕاستیدا داهاتێکی یەکجار کەمە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مووچەی مانگانەی فەرمانبەران لە هەرێم بە گشتی لە ئاستێکی نزمدایە، ئەو ئەنجامە زۆر نائاسایی دەرناکەوێت.

**پیشە:** ئەگەرچی ڕێژەی فەرمانبەر لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرزە، دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی کۆچبەران ئەوانەن کە کاری سەربەخۆیان هەیە ٣٠%، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، قەیرانی شەڕی داعش و قەیرانی یاسای سەروکایەتیی هەرێم زۆرترین زیان بەر ئەوانە کەوت کە فەرمانبەر نین و کاری سەربەخۆ ئەنجام دەدەن. لە دوای ئەوانیش بێکارەکان دێن کە ڕێژەیان ٢٦%ە، ڕێژەی فەرمانبەران و ئەندامانی هێزی چەکدار پێکەوە نزیکەی ٢٠% نموونەکە پێکدەهێنن، ئەوانەش کە قوتابین و لەپێناو کۆچ وازیان لە خوێندن هێناوە ڕێژەیەکی بەرزن کە دەکاتە نزیکەی ٢٠%، واتە دوای ئەوەی دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا نەماوە بەشێکی زۆری قوتابییان وەک جاران خوێندنیان بەلاوە گرنگ نییە.

## هۆکارەکانی کۆچ

سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچ ئێمە دوو دەستە لە هۆکارەکانمان دەستنیشانکردن بۆ کۆچ، کە یەکێک لەو دەستەیە ئەولەویەتمان پێدا، و دەستەی دووەم بەلای ئێمەوە لە پلەی دووەمدا دێت. هۆکارەکانی دەستەی یەکەم کە لە وێنەی (١)دا دیارە، هۆکارە هەرە سەرەکییەکان بریتین لە ناسەقامگیریی سیاسی بە ڕێژەی ٤٦%، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی ٤٢%، نەبوونی متمانە بە بەرپرسان بە ڕێژەی ٤٠%، دوای ئەوە هۆکارەکانی کەمیی خزمەتگوزاری، نەبوونی دەرفەتی کاری گونجاو، خراپیی باری ئابووری و شەڕی داعش دێن کە ڕێژەکانیان لە نێوان ٢٣-٣٣%.




جگە لە هۆکارەکانی سـەرەوە کە ئەولەویەتمـان پێیانـدابوو، ویسـتمان لەبارەی چەند هۆکارێکی دیکەشـەوە پرسـیار بکەیـن بزانین ئەوان چەندە هۆکـاری کـۆچی گەنجـان بـۆ هەنـدەران، ئەوانـیش شـەش هۆکـاری دیکە بوون وەک لە وێنەی (٢)دا دیارە.

دەردەکەوێت کۆچبەران گلەیی لە ئـازادی دەکەن، ئـازادی ڕادەربـڕین بە ڕێژەی ٥٠% و ئازادی تاکەکەسی بە ڕێژەی ٤٢%




## بڕیاردان لە کۆچ، پەشیمانی و گەڕانەوە

دیارە کۆچ لە پڕێکا ڕوونادات، بە تایبەتی کۆچ ئەگەر ناچاری نەبێت. بۆیە ویستمان بزانین نموونەکە لە کەیەوە بڕیاری کۆچی داوە، ڕای خێزانەکە لەسەر کۆچی ئەوان چی بووە؟ لەلایەکی دیکەشەوە، ئێمە ئاگادارین بەشێک لە کۆچبەران گەڕاونەتەوە و لە هەندێک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیشەوە کۆچبەران ئاماژەیان بە پەشیمانیی خۆیان کردووە، بۆیە پرسیارمان لەو حاڵەتانە کردووە.

سەبارەت بە کاتی کۆچ وەک لە خشتەی (٣)دا دەردەکەوێت، نزیکەی نیوەی نموونەکە لە دوای مانگی حەفتی ٢٠١٥ کۆچیان کردووە، کە ڕێژەکەیان دەکاتە ٤٧%، ئەوانەش کە لە ناوەڕاستی ٢٠١٥ کۆچیان کردووە، واتە لە نێوان مانگی ٥ بۆ مانگی ٧ ڕێژەیان ٢٣%، کە پێکەوە ٧٠% نموونەکە پێکدەهێنن، ئەوەش ڕێک ئەو کاتەیە کە قەیرانی

سەرۆکایەتیی هەرێم لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا توند دەبێت و ئەو قەیرانەش دەچێتە پاڵ دوو قەیرانی ئابووری و شەڕی داعش.

سەبارەت بە بڕیاردان لە کۆچ، دەردەکەوێت نزیکەی نیوەی نموونەکە زیاد لە ساڵێکە بڕیاریان لە کۆچ داوە، بەڵام نیوەکەی دیکە ساڵێک یان کەمتر لە ساڵێکە ئەو بڕیارەیانداوە، ئەوەش ئەوە دەگەینێت کە بە روونی کاریگەریی قەیرانەکانی هەرێم بە بڕیاردان لەسەر کۆچ دیارە.




وێنەی (٣) کاتی بڕیاردان لە کۆچ رووندەکاتەوە




وێنەی (٤) کاتی کۆچ رووندەکاتەوە

سەبارەت بە پەشیمانبوونەوەی نموونەکە لە کۆچ و گەڕانەوەیان، دەردەکەوێت نموونەکە بە رێژەی زۆر بەرز کە دەکاتە زیاتر لە ٨٠٪ هیچ پەشیمان نین، ئەوانەش کە زۆر پەشیمانن رێژەیەکی یەکجار کەمن کە لە ٢٪ تێناپەڕێت. ئایا پەشیمانی دەبێتە هۆی گەڕانەوە یان نەخێر؟ بۆ ئەو مەبەستەش پرسیارێکمان لە نموونەکە کردووە، دەرکەوت نزیکەی ٧٥٪ نموونەکە بە بنەبڕی جەختیان لەسەر نەگەڕانەوە کردەوە و گوتیان هەرگیز بیریان لە گەڕانەوە نەکردووتەوە. نموونەکە بە رێژەی ١٨٪

جارێـک یـان دووجـار بیریـان لە گەڕانەوە کـردووەتەوە، ئەوانەش کە زۆرجار بیریان لە گەڕانەوە کردووتەوە ٨% نموونەکە پێکدەهێنن.




وێنەی (٥) پەشیمانی لە کۆچکردن ڕووندەکاتەوە




وێنەی (٦) بیرکردنەوە لە گەڕانەوە ڕووندەکاتەوە

## کۆچبەران ڕوو لە چ وڵاتێک دەکەن

دیـارە لە کـۆچی نێونەتەوەییـدا ئەوە دەرکەوتـووە کە دانیشـتووانی وڵاتە جیاوازەکان ئاراستەی کۆچکردنیان بۆ وڵاتگەلی جیاوازە، کە زۆر هۆکـار لەوەدا ڕۆڵ دەگێـڕن، وەک بـوونی هەلـی کـار، نزیکیـی گرووپـی نەتەوەیی یان ئاینی... کۆچبەرانی کوردستانیش کە ڕوویان لە ڕۆژئاوایە بە گشـتی، زیـاتر مەیلی کـۆچکردن بۆ چەند وڵاتێکی دیاریکراویـان هەیە وەک لە وێنەی (٧) دەردەکەوێت.




وێنەی (٧) ئەو وڵاتە دەستنیشاندەکات کە کۆچبەرانی کورد کۆچیان بۆ

ڕێژەیەکی زۆر بەرزی کۆچبەرە کوردەکان ڕوویان لە ئەڵمانیا کردووە کە دەکاتە ٣٦% واتە زیاتر لە یەک لەسەر سێی گشت کۆچبەرەکان، دوای ئەڵمانیا بەریتانیا دێت بە ڕێژەی ١٥%و دوای ئەویش سوید دێت بە ڕێژەیەکی نزیک لەو کە دەکاتە ١٣%، واتە نزیکەی ٦٥% کۆچبەرانی کورد کە دەکاتە دوو لەسەر سێی گشت کۆچبەران ڕوویان لە سێ وڵاتی ئەڵمانیا، بەریتانیا و سوید کردووە. دوای ئەو بە ڕێژەی کەمتر ڕوویان لە وڵاتانی دیکە کردووە.

### پوتانسێلی کۆچ

بەپێی ڕاپرسییەکی کۆمپانیای NISH کە لە تشرینی دووەمی ٢٠١٥ بڵاوکرایەوە و نموونەکەی ١٢٠٥ کەس بوو لە شەش شاری عێراق پرسیارێک کراوە لە بارەی ئارەزووی کۆچ کە دەڵێت: **ئارەزووی کۆچکردنت هەیە بۆ وڵاتێکی تر لە ئەگەری هەبونی دەرفەتێکی گونجاودا؟**

وەک لە چارتەکاندا دەردەکەوێت ئارەزووی کۆچ لە هەرێمی کوردستان یەکجار بەرزە: لە سلێمانی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزترە وەک لە هەولێر و دهـۆک. لە سـلێمانی نـزیکەی ٦٠% نمـوونەکە دڵـێن بەڵـێ ئامـادەیی کۆچکردنمـان تێـدایە لەگەڵ هەبـوونی دەرفەتێکـی گونجـاو، لە دوای ئەو شـاری دهـۆک دێـت بەڵام بە جیـاوازییەکی زۆرەوە کە دەکـاتە ٣٠%، هەولێـر لە هەمووییـان کەمتـر بە ڕێـژەی ٢٤% ( Nish Bulletin, 2015,30). بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەوەی هەولێـر و دهـۆکیش یەکجار بەرزە، واتە لە باشترین حاڵەتدا یەک لەسەر چواری دانیشتووان و لە خراپترین حاڵەتدا سێ لەسەر پێنجی دانیشتووان مەیلی جێهێشتنی وڵاتیان هەیە، کە زۆر بە زەحمەت دەتوانین ڕێژەی وا لە جیهاندا ببینین.




**قەبارەی کۆچ**

بۆ زانینی قەبارەی کۆچ وەک لە کۆکردنەوەی داتادا ئاماژەمان پێکرد، ئـێمە ئامـاری کۆچبەرانمـان لە چـوار نـاحیەی کوردسـتان کـۆکردەوە و بەراوردمـان کرد بە ژمارەی دانیشـتووانی نـاحیەکە، بەو شـێوەیە ڕێژەی کـۆچ لە هەر نـاحیەیەک دەردەکەوێـت. وەک لە خشـتەی (٤) دیـارە. بەرزتـرین ڕێـژەی کـۆچ لە نـاحیەی سەنگەسـەرە، کە دەکـاتە ١.٣% و کەمترینـی لە نـاحیەی ڕزگـارییە لە پارێزگـای هەولێـر کە دەکـاتە ٠.١%،

بەڵام بە کۆکردنەوەی ڕێژەکان و دەرهێنانی تێکڕایی دەردەکەوێت ڕێژەی کۆچ بریتییە ٠.٥%، کە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم کە نزیکەی ٥٠٠٠٠٠٠ کەس دەبن، ئەوا بە نزیککراوی دەتوانین بڵێین لە دەوروبەری ٢٥٠٠٠ کەس لە هەرێمەوە بۆ هەندەران کۆچیان کردووە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی قەبارەی کۆچەکە گەورەتر پیشاندەدات دوو شەپۆلی دیکەی کۆچن کە تێکەڵ بەم شەپۆلە بوون و ئەوانیش لە هەرێمەوە سەرچاوەیان گرتووە، یەکەم کۆچی بە کۆمەڵی ئێزدییەکانە، کە لەم دوو ساڵەدا بە ڕێژەیەکی یەکجار گەورە کۆچیان کردووە. دووەم کۆچی کوردانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانە کە لە هەرێم نیشتەجێن و ئەوانیش بە قەبارەیەکی گەورە کۆچیان کردووە بۆ هەندەران.

خشتەی (٤) ڕێژەو ژمارەی کۆچبەران دەخاتەڕوو لە چەند ناحیەیەک

| پارێزگا | ناحیە | ژمارەی دانیشتووانی ناحیە | ژمارەی کۆچکردووان | ڕێژەی سەدی کۆچکردووان |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | سەنگەسەر | ٩٤٠٧ | ١٧٠ | ١.٣ |
| هەڵەبجە | سیروان | ٩٥٠٨ | ٢٦ | ٠.٣ |
| هەولێر | ڕزگاری | ٣١٥٣٠ | ٤٠ | ٠.١ |
| دهۆک | شێلادزێ | ٢٠٠٦٨ | ٤٩ | ٠.٢ |

## خوێندنەوەیەکی تیۆری کۆچی ٢٠١٤-٢٠١٥

دوای ئەوەی زانیارییەکـــانی تـــایبەت بە کـــۆچی ٢٠١٤ -٢٠١٥ خرانەڕوو، بۆ باشتر تێگەیشتن لێی پێویست دەکات لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکاندا بیخوێنینەوە. لە کۆی ئەو تیۆرانەی کۆچ کە لە هێلکاری ژمارە (١)دا خرانەڕوو، دەتوانین سوود لە چوار تیۆر وەرگرین بۆ خوێندنەوەی کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوانیش: تیۆری فاکتەرەکانی پاڵپێوەنان و ڕاکێشان، تیۆری نێتوۆرک، تیۆری بازاڕی کاری دوانەیی و تیۆری ئابووریی نوێ.

تیۆری فاکتەرەکانی پاڵپێوەنـان و ڕاکێشـان جەخـت لە سـەر چـوار تـوخم دەکـاتەوە، یەکەم هۆکارەکـانی پاڵپێوەنـان لە ڕووبەری ژێـدەر (هەرێمی کوردستان) کە ئەم هۆکارانە دەگرێتەوە: نەبوونی دادپەروەری، ناسەقامگیریی سیاسی، لاوازیی متمانەی سیاسی، شەڕی داعش، نەبوونی دەرفەتی کاری گونجاو، خراپیی باری ئابووریی هەرێم، نەگونجاوی و کەمیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. هەموو ئەم هۆکارانە بە جۆرێک لە جۆرەکـان هۆکـاری پـاڵپێوەنەرن بـۆ ئەوەی گەنجـان لە هەرێـمەوە بـۆ دەرەوە کۆچ بکەن.

دووەم هۆکارەکانی ڕاکێشان لە ڕووبەری مەبەست (ڕۆژئاوا) کە ئەم هۆکـــارانە دەگـــرێتەوە: ئـــازادیی تاکەکەســـی و ئـــازادیی ڕادەربـــڕین، خۆشـگوزەرانی و سەرنجڕاکێشـیی ئەوروپـا، سـەقامگیریی سیاســی و ئەگەری گەشەدان بە توانا وەرزشی و هونەری و زانستییەکان.

ســێیەم کۆســپ و تەگەرەکــان: کــۆچی ئەمجــارە بە پــێچەوانەی کۆچەکانی پێشووتر بۆ ئەوروپا لە دوو دەیەی ڕابردوودا، کە کوسپ و تەگەرەیان زۆر بوو، ئەم جارە کوسپ و تەگەرەکان کەمتر بوون، ئەم

جاره بەهۆی ئەوەی تورکیا سنوورەکانی خۆی بە ڕووی کۆچبەراندا کردنەوە و شەپۆلی کۆچبەران لەناکاو و بەلێشاو گەیشتە ئەورووپا مەترسیی سنووررداشکردنەوە بۆ کەمترین ئاست دابەزی، هەر بۆیە لە نیوەی دووەمی ٢٠١٥ زۆرترین خەڵک کۆچی کرد، نموونەی توێژینەکەمان نیوەیان لەم ساڵەدا بیرۆکەی کۆچیان چووەتە سەریانەوە و بڕیاری کۆچیان داوە، و لەناو کۆچبەرانی ئەو دوو ساڵەدا زیاتر لە ٧٥٪ کۆچبەران لە یەکەم هەوڵیاندا سەرکەوتوو بوون لە گەیشتن بە ئەورووپا. هەروەها کۆچبەران بەردەوام لەسەر خەت بوون لەگەڵ کەسوکار و هاوڕێکانیان و بەردەوام پێیان ڕادەگەیاندن کەوا بە ئاسانی سنوورەکان دەبڕن. لەلایەکی دیکەشەوە تێچووی کۆچ و خەرجییەکانی بارگرانییەکی زۆری بۆ کۆچبەران دروست نەدەکرد.

چوارەم و کۆتایی تایبەتمەندییەکانی کۆچبەرانە، کە پێمـوایە تایبەتمەندییەکانی کۆچبەرانی هەرێم یارمەتیدەربوون بۆ کۆچ و بە ئاسانی بڕینی ئەو ڕێگا دوور و سەختە. لەو تایبەتمەندییانەش زۆربەی هەرە زۆری لە ڕەگەزی نێر بوون؛ زۆربەیان گەنجن و لە خوار تەمەنی سی ساڵییەوەن؛ زۆربەیان سەڵتن و زۆرینەیان بڕوانامەی ئامادەیی و سەرووتریان هەیە و هەندێک لە زمانی ئینگلیزی تێدەگەن و دەتوانن بە ئاسانی فێرە زمان ببن، هەروەها زۆریان یان داهاتیان لە کوردستان نەبووە یان داهاتیان زۆر کەمە.

تیۆری دووەم تیۆری نێتوۆرکە. بەپێی ئەم تیۆرە بێت تۆڕەکانی خزمایەتی یان هاوڕێیەتی لە نێوان کۆچبەرانی سەرەتا لە وڵاتی خانەخوێ و کۆچبەرە نوێیەکان کە پوتانسێلی کۆچیان تێدا هەبووە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن، بەوەی بەرچاوڕوونییان پێدەدەن، ڕێنماییان دەکەن، کە گەیشتنە وڵاتی خانەخوێش یارمەتیدەریان دەبن لە دۆزینەوەی هەلی کار، شوێنی

نیشتەجێبوون و سوودمەندبوون لە دەرفەتەکانی خوێندن و ڕاهێنان و فێربوونی زمان.

ئەم تیۆرە لەو خاڵەوە بەسەر کۆچبەرانی کورددا پراکتیزە دەبێت کە دەبینین زۆربەی کۆچبەران ڕوویان لەو وڵاتانە کردووە کە ڕەوەندی کورد لەوێ ژمارەیان زۆرە. نموونەکەمان بە ڕێژەی ٣٦% چوونەتە ئەڵمانیا کە گەورەترین دیاسپۆرای کۆردی لەوێ نیشتەجێن، هەروەها بە ڕێژەی ١٥% و ١٣% چوونەتە وڵاتانی بەریتانیا و سوید کە لە دوای ئەڵمانیا ئەوانیش بەشێکی گەورەی دیاسپۆرای کوردی لەخۆدەگرن. زۆربەی ئەوانەی کۆچیان کردووە یان خزم یان برادەری هەبووە لە هەندەران و کەمتازۆر لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵیان پێش ڕۆیشتن، لە کاتی کۆچیش بەزۆری ڕێنماییان لێوەرگرتوون، کە چی بکەن و چی نەکەن، لە کاتی گەیشتنیش پەیوەندییان پێوەکردوون و سەردان و دیداریان هەبووە و لە غەریبی کۆچبەرەکەیان کەمکردووەتەوە، وێڕای هاوکارییە جۆراوجۆرەکانی دیکە.

سێیەم تیۆر، تیۆری بازاڕی کاری دوانەییە. ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پاڵنەری کۆچ پێویست بەوە دەکات لە وڵاتی دەسپێک هەلی کار کەم بێت و لە وڵاتی مەبەست یان خانەخوێ هەلی کار هەبێت. ئەمەش بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستان هەلی کار کەمبووە و بەرەو کەمتریش دەچێت لەگەڵ توندبوونی قەیرانی دارایی.

ئەم تیۆرە هۆکاری کۆچ دەگەڕێنێتەوە بۆ داواکاریی وڵاتی مەبەست بە دەستی کار، بەتایبەتیش کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کارەکان دابەش بوون بەسەر دوو جۆر کاردا کە هاوڵاتییانی وڵاتی مەبەست خۆیان لە جۆرێکی کارەکە نادەن و ئەو بوارە لە کار داواکاری بۆ دەستی کار هەیە و پێویستی کەمتر بە کرێکاری شارەزا هەیە. بۆیە کاتێک ئەنجێلا مێرکل

ڕادەگەیەنێت کە ئەڵمانیا ٨٠٠ هەزار کۆچبەر وەردەگرێت، شەپۆلی کۆچبەران ڕوو لە ئەڵمانیا دەکات. هەروەها بەپێی توێژینەوەکەمان کوردە کۆچبەرەکان کەمترین شارەزاییان لە پیشەیەک هەیە. ڕاستە ئەوان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن، بەڵام شارەزاییان لە هیچ پیشەیەک نییە و ئەوروپاش پێویستی بە دەستی کاری لەو جۆرەیە.

تیۆری ئابووریی نوێ ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە هەندێک کۆمەڵگا و لە ئاکامی کەمبوونی داهاتی خێزان و دەرفەتی کار، خێزان بە دوای سەرچاوەی نوێی داهاتدا دەگەڕێت، بۆیە بڕیار دەدەن کە ئەندامێکی خێزان یان زیاتر کۆچ بکات و ئەو کەلێنە لە داهاتی خێزان لەو ڕێگەیەوە پڕبکاتەوە، بە تایبەتی کە کۆچبەران بەهۆی تەحویلاتەوە پارەیەکی زۆر دەنێرنەوە بۆ خێزانەکانیان و لە ڕابردوودا ئێمە شایەدی ئەم حاڵەتە بووین لە هەرێم. سەبارەت بە پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرە بەسەر کۆچبەرانی کوردستاندا، دەردەکەوێت نموونەکەمان زۆرینەیان یان خێزان هەمووی ڕەزامەند بووە لەسەر کۆچکردنیان یان بەشێکی خێزان ڕەزامەند بووە. واتە کۆچبەران بە حەز و ویستی خێزانەکانیش کۆچیانکردووە، چونکە خێزان دەزانێت کوڕەکەیان کە دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگایە لە کەرتی گشتی دانامەزرێت و ڕەنگە لە کەرتی تایبەتیشدا کاری دەست نەکەوێت، هەروەها دڵنیان ئەوانەش کە هێشتا قوتابین بەتەواوکردنی خوێندن ناتوانن بچنە ناو بازاڕی کارەوە، بۆیە خێزان بۆ بەرژەوەندیی منداڵەکانیان و بەرژەوەندیی گشتیی خێزان یارمەتی ڕۆڵەکانیان داوە بۆ کۆچکردن.

**ئەنجامەکان**

١. شەپۆلی کۆچی ٢٠١٤-٢٠١٥ لە نیوەی دووەمی ٢٠١٤ و تا کۆتاییەکانی ٢٠١٥ بەردەوام بوو، بەڵام شەپۆلەکە لە مانگەکانی ٦، ٧، ٨ ی ٢٠١٥ گەورەبوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینی کە ڕاستەوخۆ هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی گەورەی بۆ کرا، بۆیە زۆر گەورەتر لە قەبارەی خۆی دەرکەوت.

٢. ڕێژەی کۆچبەران نزیکە لە ٠.٥% دانیشتووان

٣. کۆچەکە سەرتاسەری بوو، ئەگەرچی لە هەندێک ناوچە بە ڕێژەی زۆر و لە هەندێک ناوچە بە ڕێژەی کەم ڕوویدا.

٤. کۆچبەران بە ڕێژەی زیاتر لە سێ لەسەر چوار ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە: گەنجبوون، سەڵتبوون، نێربوون و خاوەنی داهاتی کەمن.

٥. کۆچەکە ئەنجامی سێ قەیرانی گەورە بوو، ئابووری، شەڕ و یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، کە تا ئێستا ئەو سێ قەیرانە بەردەوامن بەڵام خاوترن.

٦. کۆچەکە ئەگەر چی هۆکاری ئابووری لە پشتە، بەڵام کۆچێک نییە کە هۆکاری ئابووری باڵادەست بێت تێیدا، بۆیەشە کۆچێکی تایبەتە و جیاوازە لە زۆربەی کۆچەکانی دیکە و زەحمەتە ناوی کۆچی هێزی کاری لێ بنێین.

٧. کۆچبەران بە ڕێژەی زۆر بەرز ئەم هۆکارانە دەخەنە پاڵ کۆچەکەیان:

٨. - ناسەقامگیریی سیاسی %٤٦

٩. - سنووردارێی ئازادیی تاکەکەسی %٤٢

١٠. - نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی %٤٢

١١. - نەبوونی متمانە بە بەرپرسان %٤٠

١٢. زۆربەی کۆچبەرانی کوردستان دەچنە ڕیزی کۆچبەرە ناشارەزاکان واتە ئەوانەی لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزاییان نییە، لە ئێستادا ئەوروپا پێویستی بەو جۆرە لە دەستی کار هەیە.

١٣. زیاتر لە سێ لەسەر چواری کۆچبەران پەشیمان نین لە کۆچ و بیر لە گەڕانەوە ناکەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشە زۆرەکانی هەرێمی کوردستان.

١٤. بەشی زۆری خێزانەکان یان هەموو خێزان یان بەشێکی ڕەزامەندن لەسەر کۆچی ڕۆڵەکانیان و ڕەنگە پشتیوانی داراییشیان کردبن هەر بۆیە ئەوانەی کە پارەی تەواویان قەرز کردووە ژمارەیان کەمترە لە %٢٠.

١٥. کۆچ بەردەوام دەبێت، ئەگەر بارودۆخ ئارامیش ببێتەوە، چونکە هۆکارەکانی پاڵپێوەنان زۆر و بەهێزن، بە تایبەتی لە ئێستادا کە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان هیوایان بە بزوتنەوەی گۆڕانیش نەماوە ببێتە هۆی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. بۆیە کە بێهیوابوون لە هەموو شتێک، ئامادە دەبن مەترسییەکانی دەریای ئیجەش تاقی بکەنەوە.

## سەرچاوەکان

### کوردی


- ئەحمەد، ن. ع (٢٠١٧) ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٦١-١٩٧٥، گوڤارا زانکۆیا زاخۆ، ژمارە ٣، بەرگی٤.

- خۆشناو، چ. ت. (٢٠٠٢) مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان.

- مینە، ئ . ق. (١٩٩٩) ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل تەعریب تەبعیس، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان.


### فارسی


- جانستون، ار. جی. تیلور، پی. جی. واتس، ئیێم.. جی، (٢٠٠٤) *جغرافیاهای تحول جهانی*، ترجمه: نسرین نوریان، تهران: دانشکده فرماندهی و ستاد سپاه.

- حسینی، ح. ح (٢٠٠٦) *سیری در نظریه های مهاجرت*، فصلنامه راهبرد، شماره ٤١.

- زرقانی، س. هـ . و موسوي، س. ه. (٢٠١٣) *مهاجرت هاي بين المللی و امنیت ملی*، فصلنامه مطالعات راهبردي، سال شانزدهم، شماره اول، شماره مسلسل 59.

- ساروخاني، ب. و دولت آباد، ا. ج. (۲۰۰۹) *ساختار روابط انساني در خانواده و گرايش به مهاجرت*، دانشنامة علوم اجتماعي، دورة1 ، شمارة1 ، بهار.

- سياني، م. ق. (۲۰۰۹) *پيامدهاي مهاجرت روستا شهري نسل جوان روستايي*، پژوهش جوانان فرهنگ و جامعه، شماره دوم، بهار و تابستان.

- مارشـال، گ. (۲۰۰۹) *آكسـفورد فرهنـگ جامعه‌شناسـى*، ت: دكتـر حميرا مشير زاده، تهران: بنياد حقوق ميزان.

- مصطفى، م. م. و قاسم، پ. (۲۰۱۳) *عوامل مؤثر بر مهاجر تهاي استانى با استفاده از مدل جاذبه*، فصلنامه سياستهاي مالى و اقتصادي، سال اول، شماره ۳.

- والرى، ام. سو و. لوييز، اى. ر. (۲۰۱۰) اجراى پيمايش هاى آنلاين، مترجم: اعظم پنابادى، تهران: انتشارات يوسف.

- وثوقي، م و مجيد، ح. (۲۰۱۲) *جريان ارسال وجه؛ رويكردى محورى در نگرش مثبت به پديده ي مهاجرت بين الملل*، فصلنامه مطالعات جامعه شناختى ايران، سال دوم، شماره هفتم، صفحات 47 تا6.

**عەرەبی**

- البـارزاني، م (۱۹۸٥) البـارزاني والحركـة التحرريـة الكرديـة (۱۹۳۱-۱۹۳۲)، كردستان.

- البـارزاني، م (۱۹۸۷) البـارزاني والحركـة التحرريـة الكرديـة (۱۹٤۳-۱۹٤٥)، كردستان.

- بارزانی، ا (۲۰۰۲) المقاومة الكردية للاحتلال (۱۹۱٤-۱۹٥۸)، پاريس: دار نشر حقائق المشرق.

- بانصونا، ک. (۲۰۱۰) *الهجرة*، ترجمة: سعيد بن الهاني، ثقافات، كلية الاداب جامعة البحرين، العدد۲۳.

- توفيق، هـ . ط. (۲۰۱۲) *الكرد والمسالة الارمنية ۱۸۷۷-۱۹۲۰*، اربيل: دار اراس للطباعة والنشر.

- فايزة، خ. (۲۰۱۱) *البعد الأمني للهجرة غير الشرعية في إطار العلاقات الأورو مغاربية 1995 -2010*، رسالة الماجستير في العلوم السياسية والعلاقات الدولية، كلية العلوم السياسية والإعلام، جامعة الجزائر.

- كريم، ا. (۲۰۰۷) *مسؤلية الدولة الجنائية من جرائم الحرب في النزاعات الداخلية المسلحة: العراق نموذجا*، اربيل: مؤسسة الموكرياني للبحوث والنشر.

- كونسورتيوم، ب. (۲۰۱۱) *الهجرة النسائية بين دول بحر المتوسط والاتتحاد الاوروبي*، يوروميد للهجرة ۲.

- مكدول، د. (۱۹۹٦) *تاريخ الاكراد الحديث*، ترجمة: راج آل محمد، بيروت: دار الفارابي.


### ئینگلیزی


- Akkaya, A. H. (2013) *The Kurdish diaspora: a New Subject Formation in Transitional Space*, in Heshmati, A, Dilani, A and Baban, S. M (ed): Perspectives on Kurdistan's Economy

and Society in Transition, Volume II: Cambridge Scholars Publishing.

- Alynna J. L and Emek M. U (2001). *Mobilizing Ethnic Conflict: Kurdish Separatism in Germany and the PKK*. Ethnic and Racial Studies 24 (6), 925-48.

- Anamaghi, F. and Heshmati, A. (2013) *Immigration and Identity Crisis among Kurdish Youth in Denmark*, Heshmati, A. Dilani A. and Baban,S. M. (ed): *Perspectives on Kurdistan's Economy and Society in Transition*, Volume II: Cambridge Scholars Publishing.

- Anheier, H. K. and Isar, Y. R. (2007) *Cultures and Globalization: Conflicts and Tensions:* SAGE.

- Baser, B. (2015) *Diasporas and Homeland Conflicts: A Comparative Perspective*: Ashgate.

- Begikhani, N. Hague G. and Gil, A. K. (2015) *Honour-Based Violence: Experiences and Counter-Strategies in Iraqi Kurdistan and the UK Kurdish Diaspora*: Ashgate Publishing.

- Bijak, J. (2006) *FORECASTING INTERNATIONAL MIGRATION: SELECTED THEORIES, MODELS, AND METHODS*: CEFMR Working Paper 4.

- Blatte, A.(2006) *The Kurdish Movement Ethnic Mobilization and Europeanizatio*, Kleinschmidt, H. (ed): *Migration, Regional Integration and Human Security*: Ashgate Publishing.

- DUNNIGAN, D. R (2011) *IRISH RETURN MIGRATION FROM AMERICA AT THE TURN OF THE NINETEENTH CENTURY 1890-1920,* THESIS FOR THE DEGREE OF PHD, NATIONAL UNIVERSITY OF IRELAND, MAYNOOTH.

- Eliassi, B. (2013) *Contesting Kurdish Identities in Sweden Quest for Belonging Among Middle Eastern Youth*: Palgrave Macmillan.

- Enache, A. L. (2010) *THE RECENT MIGRATION OF THE ROMANIAN ROMA TO FINLAND*, Thesis, Diaconia University of Applied Sciences.

- hashemi, M. (2013) *Contemporary Kurdish Diaspora in Europe A driving force toward peace anddemocracy in the Middle East*: Routledge.

- Hassanpour, A. ,Mojab, S. (2005) *Kurdish Diaspora*, Ember, M. Ember, C. R and Skoggard, I (ed):, *Encyclopedia of Diasporas: Immigrant and Refugee Cultures Around the World*. Volume I: Overviews and Topics; Volume II: Diaspora Communities: Springer Science+Business Media.

- Ibrahim, F (2000) *The Kurdish Conflict in Turkey: Obstacles and Chances for Peace and Democracy,* LIT Verlag Münster.

- Jennissen, R. P. W. (2004) *Macro-economic determinants of international migration in Europe*: Groningens.

- Kandall, D. (2014) Sociology in our times, 10th Edition, Wadsworth: CENGAGE Learning.

- Kurekova, L. (2011) *Theories of migration:Conceptual review and empirical testing in the context of the EU East-West flows,* Paper prepared for Interdisciplinary conference on Migration. Economic Change, Social Challenge. April 6-9: University College London.

- Kelly, V. E. (2008) *The Kurdish Conundrum in Europe: Political Opportunities and Transnational Activism,* Pojmann W. (ed): *Migration and Activism in Europe Since 1945:* Palgrave Macmillan.

- Laczko, F. and Lönnback, L. J. (2013) *MIGRATION AND THE UNITED NATIONS POST-2015 DEVELOPMENT AGENDA*, International Organization for Migration, Geneva

- Lee, E. S. (1966) *Theory of Migration, Demography*, Vol. 3, No. 1. pp. 47-57.

- Lokman I. M. and Kelly L. M. (2001) *Kurdish Culture and Society: An Annotated Bibliography:* Greenwood Publishing Group.

- Massey D. S. Arango, J. Hugo, G. and Kouaouci, A. Pellegrino, A. and Taylor, J. E. (1993) *Theories of International Migration: A Review and Appraisal*, Population and Development Review ,Vol. 19, No. 3, pp. 431-466.

- Murad, M. (2015) *The Kurdish community in the Czech Republic and transitional Practices,* (ed): Seker, G. Tilbe, A. Okmen, M. Yazgan, P. Eroglu D. U. and Sirkeci, I. (2015) *Turkish Migration Conference 2015 Selected Proceedings*, London: Transnational Press London.

- Papadopoulou, A. (2013) *Give us Asylum And Help us to Leave the country: Kurdish Asylum Seekers and the Politics of Reception*, Al-Shahi, A. and Lawless, R. (ed): *Middle East and North African Immigrants in Europe: Current Impact*; Local and National Responses: Routledge.
- RAVENSTEIN, E. G. (1985) *The Laws of Migration, Journal of Statistical Society*, Vol. XLVIIL , pp. 198-199.
- Zaken, M. (2007) J*ewish Subjects and Their Tribal Chieftains in Kurdistan: A Study in Survival*. Boston: Brill.

**Abstract:**

In the last couple of years, there was a huge flew of immigrating young people form Kurdistan region to western countries. This flew of immigration links to emerge three key crises consecutively. Firstly, economic crisis begun in the commence of 2014 by cutting the share of Kurdistan form Iraqi federal budget, it was proliferated by falling oil price to its lowest level. Secondly, ISIS fighting causes to flee approximately 2 million people in the mid of 2014 form their region to Kurdistan, it placed a large financial burden on Kurdistan, the situation got worse by ISIS attack on Kurdistan. Lastly, political crisis in mid of 2014 due to the disagreement of Kurdistan parties on Kurdistan region presidential law faced the region with a very difficult and instability situation. The three crises have continued, but they have lost their severe and the flow of immigration also has slowed. In this study I try to find out the causes of immigrating, and also I investigate the immigrants' characteristics and the nature of the immigration.

**ملخص:**

خلال عامي ٢٠١٤-٢٠١٥، شهد أقليم كوردستان/ العراق موجة واسعة من الهجرة، تمثلت في هجرة الشباب الى الدول الغربية. جائت تلك الموجة من الهجرة إثر ثلاث أزمات تعرض لها الأقليم في الأعوام المنصرمة، من ضمنها الأزمة الأقتصادية ٢٠١٤، وقطع أستحقاقات الأقليم المالية من قبل الدولة المركزية وتفاقم تلك الأزمة مع هبوط أسعار البترول في الأسواق العالمية، علاوة على نزوح سكنة المحافظات الجنوبية الى الأقليم إثر هجوم مقاتلي تنظيم الدولة الإسلامية (داعش) على تلك المحافظات و هجومهم على الأقليم فيما بعد. أما الأزمة الثالثة فقد تجسدت في الأزمة السياسية التي واجهها الأقليم في منتصف ٢٠١٥ إثر النزاع الدائر حول قانون رئاسة الأقليم. كان الهدف من البحث معرفة العوامل المؤثرة في هجرة الشباب في عامي ٢٠١٤-٢٠١٥ وتحديد الخصائص الديمغرافية للمهاجرين وطبيعة هجرتهم. وقد تم اعتماد المنهج الكيفي وطريقة المسح الأجتماعي وتحليل البيانات الثانوية. توصل البحث الى جملة من الأهداف منها، كانت الهجرة عامة اشتملت على كافة محافظات الأقليم، وقد كانت الغالبية العظمى من المهاجرين هم من الشباب الذكور العُزاب ذوي الدخل المحدود، وتمثلت الأسباب الرئيسية لهجرتهم في انعدام الإستقرار السياسي، انعدام العدالة الإجتماعية وتقيد حرية الفرد.